# تاوان و تابوو

حەمەسەعید حەسەن

ئەو باڵەی لە نێوەڕاستی ساڵانی شەستدا لە پدک جیا بووەوە و دواتر لە ناو خەڵکیدا بە جەلالی ناوی ڕۆیشت، دەڵێی ئیدمانی لەسەر شەڕی کورد بە کورد بە کوشت دان کردووە. ینک کە میراتگری هەمان باڵە، لە دوا ڕاگەیەنراویدا دەڵێ: ‹چەتەکانی ئۆجەلان دوو کەلاکیان لێ بەجێماوە و شوێنی ڕاکێشانی چەندین کەلاکی تریشیان دیارە.›*

ئینسان کە دەمرێ بە جەستەکەی دەگوترێ: تەرم، یان لاشە، کەلاک یان لاک: بۆ جەستەی مردارەوەبووی ئاژەڵ و گیانەوەر بە کار دێ. ئەو تەرمەی ئێستاکە هێندە سووک سەرنجی دەدرێ، تا ئەو ئاستەی حسابی گیانەوەرێکی مردارەوەبووی بۆ دەکرێ، دوو ساڵ لەمەوبەر هاوسەنگەری چەکدارەکانی یەکێتی بووە!

یەکێتی لە مێژە لە شار، گوند، دۆڵ، دەشت، بنار، قەدپاڵ و لوتکەی چیاکانی کوردستاندا ‹کەلاک› بە لایەنە کوردییەکان بەجێ دەهێڵێ. لە کۆتایی ساڵانی حەفتا و سەرەتای هەشتاکاندا ‹کەلاک›ی بە قیادە مەوقووتە، بەجێ دەهێشت. دواتر بە جووجە ڕەسووڵییەکان، بە تەحریفییەکان، بە مەنجەڵە یاپراخییەکان، بە ئاش، بە هێزی تاریکی، بە حیزبۆکەی کار، بە مەنسوورییە بێ حیکمەتەکان، تەنانەت لاکی بە ‹لاک›یش بە جێهێشت.** سەردەمێکیش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕێی بۆ ئێران خۆش کردبوو، بە ڕۆژی نێوەڕۆ ڕاوە کۆمەڵە و دیموکرات بکا. کە بەهادین نووری دژی قەلاچۆکردنی کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بەیاننامەیەکی دەرکرد، چونکە گرووپەکەی چەکداری نەبوو، ینک نەیتوانی ‹کەلاک›یان پێ بەجێ بهێڵێ، بۆیە مووچەکەی بڕین و لە ‹هاوپەیمانی›شی دەرکردن.***

لە کۆتایی ساڵانی شەستدا دامەزرێنەرانی یەکێتی بۆ کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و ‹کەلاک› بە مەلایی بەجێ هێشتن، سواری تانکی لەشکری عێراق دەبوون. تەنانەت هاوینی 1996 بۆ کەلاک بە دیموکرات بەجێ هێشتن، لە باشماخەوە تا کۆیە، کە نزیکەی دوو سەد کیلۆمەتر دەبێ، پێش لەشکری ئێران کەوتن. هەنووکەیش بۆ ڕاگرتنی دڵی تورکیا سەرقاڵی قەلاچۆکردنی هاوسەنگەرەکانی دوێنێی خۆیانن.

تازەکی سەرانی ینک دەڵێن: ‹شەڕی کورد کردن و هێنانی داگیرکەر بۆ سەر کورد بە حەرام و بە

تاوان دەزانین!› جا لایەنێکی کورد ماوە ‹کەلاک›یان پێ بەجێ نەهێشتبێ؟ جا داگیرکەری کورد ماوە، بۆ سەر کوردیان نەهێنابێ؟ بە ڕاست ئەم مێژووە جێگەی شانازییە؟

2000. 10. 04

* کوردستانی نوێ ژ: 2267 ڕۆژی 03 .10 .00

** یەکێتی لە سەروەختی شەڕدا، ناوی نوێی لە لایەنەکان دەنا:

پدک: قیادەی مەوقووتە.

حسیک: جووجە ڕەسووڵ، جووجە: هەڤاڵ جووجەڵە ‹خاڵە حاجی› و ڕەسووڵیش: ڕەسووڵ مەمەند بوو.

حیزبی شیوعی کوردستان: تەحریفییەکان، وەک ینک بە موو لە ڕاستەڕێی مارکسیزم لێنینیزم لای نەدابێ!

پاسۆک: مەنجەڵە یاپراخ.

ئاڵای شۆڕش: ئاش.

بزووتنەوەی ئیسلامی: هێزی تاریکی.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق: مەنسوورییە بێ حیکمەتەکان.

لەشکری ئیسلامی کورد: لاک.

*** کە بەیاننامەیەکی دژی سەرچڵییەکانی پەکەکە نووسی و لە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانیش کشایەوە، ئیدی ئاو بۆ ئاوەڕۆ، یان ڕوونتر حیزب! بۆ ژێر دەواری ‹ی. ن. ک› و مووچەیش بۆ حیزب گەڕایەوە.

سەرنجی کوردستانی نوێ بدەن، ی. ن. ک لە 05 .10 .2000 هوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەم نووسینەدا، بۆ تەرمی لە گۆڕەپانی شەڕدا بەجێماوی پێشمەرگەی نەیاری، لاشە بەکار دەهێنێ، ئەگەرچی بیست ساڵ بوو، هەر کەلاکی پێ دەگوت.